# ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامی چالاک

خالید عەلی فەرەج . سوید

بەشی سێیەم



لە کاتی دەرکەوتنی ئەنجامدا ئەو جیاوازییانە زیاتر روون دەبێتەوە، بەڵام کاتێک ئەنجام دەرکەوت کار لە کار ترازاوە و ناتوانرێت رووداوەکان بگەڕێنرێتەوە، هەربۆیە گرنگە کەسانی پێشبین و بە ئەزمون هەڵسەنگاندنی وورد بکەن لەسەر تێڕوانینەکانی لایەنە چالاکەکان و کۆمەڵگا بەئاگا بهێننەوە لە ئەنجامی خراپ و چاوەڕوان نەکراو، بۆ ئەمەش پێویستە ئازادی بیروڕا دەربڕین هەبێت کە دەسەڵات بەرپرسی سەرەکی ئەم هەنگاوەیە.

وەک لە بەشی دووەمدا باسمان کرد، هەندێ لەو توندڕەوانە لەپێناوی رابوونی ئیسلامیدا و گەڕاندنەوەی شەرعیەتی دەسەڵات بۆ سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و هەموو پێشکەوتنێکیش کە کۆن بوونی نییە و ئێستا لە ئارادایە رەتی دەکەنەوە، لەو پێناوەیشدا هەموو ئەنجامێک بە رەوا دەبینن و دیوە نێگەتیڤەکەی دەشارنەوە لەپێناوی پیادەکردنی بۆچوون و مەبەستەکانیاندا، هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر هەموو رێگایەک و پاکانەیشی بۆ دەهێننەوە، لێرەوە کێشەیەک سەر هەڵدەدا کە دەست تێوەردانی دەرەکی و لایەنە هەلپەرستەکانی ناوخۆیە کە بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگا و ژمارەیەکی زیاتری لایەنگران ئەو گروپە ئیسلامیانە بەکار دەهێنن، یان هەر خۆیان گروپێکی بەرژەوەند پەرستی خۆیان دادەمەزرێنن و ناوێکی ئیسلامی بەقەدا دەدورن، ئەمەش کێشەی چەواشەکردن دروست دەکات لەناو کۆمەڵگادا، چونکە رەوتی ئیسلامی وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد، لە ئەنجامی نەمانی شەرعیەتی دەسەڵاتدا سەرهەڵدەدا و پەیوەستە بە بەشەرعی کردنی کۆمەڵگا و دەسەڵات، کاتێک لە دەرەوەی ئەو روانگەیەوە رێکخراوێکی چالاکی ئایینی سەرهەڵبدا، پێناسەی رێکخراوێکی ئیسلامی بۆ ناگونجێت، تەنها لایەنگرەکانیەتی کە بیانوو دەهێننەوە بۆ بەشەرعی کردنی رێکخراوەکەیان. ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی ئاسایش لەو شوێنەدا کە چالاکی تیا دەنوێنن.

پێویستە ئەوەش بزانین کە لە کاتی هەموو تێکچوونێکی ئاسایشدا بوار بۆ دەست تێوەردانی لایەنی سێیەم دەکرێتەوە بەناوی هێمن کردنەوە یان پشتیوانی کردن لە لایەنێکیان یان هەر بیانوویەکی تر، لەوانەیە پێشوازیشی لێ بکرێت لە یەکێک لە لایەنەکانی ناو ئاژاوەکەوە بەهۆی لاوازیەوە یان پێویستی ماددیەوە، کە زۆر جار ئەو دەست تێوەردانە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیی مەیدانەکەوە دەبێت و لەو رووەیشەوە بەرژەوەندی خۆیان زیاتر بەلاوە گرنگە و شێوەی چارەسەر بەئاراستەی خۆیان دەنەخشێنن.

ئەوەی ئێستا لە عێراقدا بەدی دەکرێت نەک تەنها دەستی سێیەم بەڵکو دەستی چوارەم و پێنجەمیش لەئارادایە، کە دیارترینیان بریتین لە چەکدارە تاوانبارەکانی بەردراوی ناو زیندانەکانی سەردەمی سەددام کە وەک نەخشەیەک بۆ تێکدانی ئاسایشی پاش خۆیان جێیان هێشتبوو، هەتا دەگاتە نەتەوە پەرستە فەلەستینیەکان و خۆکوژەکانی قائیدە و وولاتە عەرەبییەکان کە تەنها لە دژایەتی کردنی ئەمەریکاوە مەیدانی عێراقیان کردۆتە شوێنی تۆڵەی خۆیان، شان بەشانی ئاژاوەچییەکانی سووریا و ئێران، کە ئەمانیش بەرژەوەندیان لەوەدایە مەیدانی عێراق گەرمتر ببێت بۆ دواخستنی پرۆژەکەی ئەمەریکی بۆ رووبەڕوو بونەوە لەگەڵیان.

کەواتە بوونی چالاکی رێکخراوی ئیسلامیە توندڕەوەکان لە عێراقدا دوو لایەنەیە: یەکەمیان چالاکی نەتەوە پەرستەکانی عەرەبییە کەهەر ئەو بۆچوونانەیان هەیە کەلە شەستەکاندا و بۆ دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵات هاتوونەتە مەیدانەوە، بەڵام بە ناوێکی جیاواز و لەژێر دروشمێکی جیاوازدا، ئەوان لە کۆندا پێیان وابوو نەتەوەی عەرەب بەهۆی ئەو زوڵم و ژێردەستەییەوەیە کەوا دواکەوتوون و جۆرەها رێکخراوی نەتەوەییان دامەزراند وەک بەعسیەکان و ناسرییەکان کە لەپاشاندا وەک تەوقێکی ئاگر کەوتە سەریان و دیکتاتۆریەتی پێکهێنا، بۆ رزگار بوون لەو قەیرانە ئەوەتا ئێستا کەوتوونەتە رابوونی ئیسلامگەرایی و دژایەتی جیهانگیری و دیموکراتیزە کردنی ناوچەکە لەپێناوی مانەوەی کورسی و دەسەڵات. دووەمیشیان لەئەنجامی هەڵەی یەکەمەوە سەری هەڵدا کە داگیرکردنی کوەیت و هێنانی سوپای بەدەر لە ئیسلام بۆ جەزیرەی

عەرەبی و سەرهەڵدانی ئەلقائیدە، کە ئێستا شان بەشانی نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی و لەخواترسەکانی گەلانی تر بەربوونەتە گیانی مرۆڤی عێراقی و نانەوەی دووبەرەکێی نێوانیان و سەربڕینیان، کەواتە لەسەر ئەو شەرعیەتە دروست نەبووە کە گەڕانەوە و بەشەرعی کردنی دەسەڵات و کۆمەڵگا بێت و ناولێنانیشیان تەنها ڕێکلامێکی سیاسییە. زۆرینەی ئەو چالاکیانە بەپشتیوانی ماددی بەعسیەکان دەکرێت کە پارەی دزراوی عێراقیەکان خۆیانە و سەرانی بەعس شاردبویانەوە، ئەوەش تەنها بۆ تێکدانی بارودۆخەکەیە نەک بۆ دڵسۆزیان بۆ ئیسلام، بەو بەڵگەیەی پێش ڕوخانیان کەمیان نەکرد بە ئیسلام و موسوڵمانان، کە ئێستاش ناوی ئیسلامی لە خۆیان دەنێن و کەسێکی وەک عەبدولباری عەتوانیش ماکیاجی دەکات لە ڕێکلامی نەتەوە پەرستەکان زیاتر هیچ مانایەکی تر نابەخشێت، وا تێدەگەن بەم کارانە دەتوانن هەڵوێستی پەشیمانی لە ڕووخاندنی ڕژێم بهێننە ئاراوە، هەر بەو لێکدانەوە هەڵەیەش هیوایەکیان بۆ خۆیان دروست کردووە بۆ گرتنەوە دەستی دەسەڵات وەک ئەوەی لە 1968 دا بۆیان گونجا، بەڵام هەموو فاکتەرەکان وا دەریدەخەن کە ئەم جارەیان یارییەکەیان دۆڕاند.

ئەم پشتیوانیە ماددیە بۆ ڕێکخراوێکی وەک ئەلقائیدە شتێکی خراپ نییە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە بە هیچ مەرجێکی بەعسیەکان ڕازی ببن و نرخێکی ئەوتۆیان نادەنێ کە لەگەڵ هیواکانیاندا یەکبگرێتەوە و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە، هەربۆیە ئەم هاوخەباتیەیان بێ دواڕۆژ دەبێت.

ئەگەر ئەمانەی لێی دووواین بەشێک بێت لە هەڵوێست و ئەنجامی بیرکردنەوەی ئیسلامیە توندڕەوەکان، ئەی ئایا هەڵوێستی ئیسلامیە میانڕەوەکان چۆن دەبێت؟ ئایا کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگاکە تا چەندە و تا چەند دەتوانن تۆوی خۆیان بچێنن و بەرهەمەکانیان نەبێتە جۆرێک لە توندوتیژی و بیروباوەڕێکی دوور لە خواستی خۆیان؟ ئایا هەموو ئەو قوتابیانەی لەم قوتابخانەیەدان چاوەڕێی لادانی لێ ناکرێت؟.

هەربۆیە لێرەدا دەمەوێت کەمێک لە مێژوو و هەڵوێستی میانڕەوە ئیسلامیەکانیش بدوێم بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەو ووشانەدا بۆ ناسین و جیاکردنەوەی ئیسلامیە چالاکەکان بەهەردوو باڵەکەیانەوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باسەکەوە هەیە.

چالاکی ئیسلامییەکان لە ناوچەکەماندا هەر لە سەرەتاوە دوو ئاقاری هەبووە، کە بەستراوەتەوە بە نەمانی خەلافەت و چەوساندنەوەی مرۆڤەوە، بۆ چارەسەری ئەمەش بە موسوڵمان کردنی کۆمەڵگا و گەڕانەوە بۆ خوا پەرستی و بۆ ئیسلام هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێت، لەمەیشدا چەند ڕێگەیەک پیادە کراوە.

لەوانە هەندێک پێیان وایە هەرکەسێک شایەتمانی هێنا موسوڵمانە و هەموو مافێکی ئیسلامی هەیە و هەر بەوەش دادگایی دەکرێت، هەندێکیشیان پێیان وایە تەنها ووشەکە بەس نییە بەڵکو کردەوەکانی تەواوکەری ووشەکانیەتی (و عمل بمقتضاهما) و ناسینی دەسەڵاتێک بەوەی کە شەرعیەتی نییە کۆمەڵگاش دەگرێتەوە و هەمان حوکم دەدرێت بەسەریدا. کەواتە هاندانی مرۆڤ و کۆمەڵگا تەنها بۆ شایەتمان هێنان نییە و دادگایشیان تەنها لە سەر شایەتمان هێنان نییە و بەشەرعی و ناشەرعی ناسینی دەسەڵات پێویستە تاکی کۆەڵگاش بگرێتەوە، هەموو گۆڕانکارییەک کە پێویستە بکرێت ئەبێت بەکەمترین کات ئەنجامی هەبێت، هەربۆیە هەموو کەسانی ناو دەسەڵات و ئەوانەی لەژێر سایەی دەسەڵاتەکەیشدا دەژین هەمان حوکم دەیان گرێتەوە بۆ بەدی هێنانی ئەو قۆناغەش کۆتایی بە ژیانی هەر هەموویانە، ئەمەش کوشتنی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایش دەگرێتەوە و شەرعیەت دەدەن بە هەموو توندوتیژییەکانیان و ئەمە خۆی لایەنە توندڕەوەکانن.

بەڵام لەهەڵوێستی یەکەمدا ئایینی ئیسلام دیاردەیەکی دەرکەوتووە و ئاشکرایە، کەسی باوەڕ هێنەر خۆی بەرپرسە لە کردەوەکانی لەبەرامبەر خوای گەورەدا و دادگایی کردن تەنها لای خوای گەورەیە لەسەر کردەوە ئاشکرا و نهێنیەکانی. لەلایەکی تریشەوە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەک بەرنامەی ژیان بۆ مرۆڤ هاتووە و لە خزمەتی مرۆڤدایە کەواتە هەموو بیرکردنەوەیەک کە ئەنجامی باشی هەبێت و لەتوانای بیرکردنەوەی مرۆڤدا بێت ڕەوایە و شەرعییە، هەربۆیە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی سەردەم کە لە ئەنجامی بیروهۆشی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە شەرعییە، کەواتە پێویستە هەنگاو بەرەو لەگەڵ گونجاندنیدا بنرێت، لەم ڕوانگەیەوە کەسانی میانڕەو کەسانی گونجاوترن لەگەڵ سەردەمی نوێدا و لە پیناوی گەڕانەوەی دەسەڵاتی شەرعیشدا هەنگاو نانە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری لایەنە ئایینیەکان کە دەبێتە هۆی باوەڕ هێنانی خەڵک بە ئایینەکەو بە ویستی خۆیشیان، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ چاکسازیی لەناو کۆمەڵگادا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و گونجاندنی ڕەوتی ئیسلامی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیای سەردەم.

لەم باسەی ئێمەدا بەتایبەتی کە کێشەی نێوان گەلان و نەتەوەکان کراوەتە دیاردەیەک و ناتوانرێت لەبەر چاو نەگیرێت،

چونکە کاریگەری تەواویشی هەیە لەسەر لایەن و ڕەوتە جیاجیاکان، ئەم لایەنانەش ژمارەیان زۆرە لە مێژوودا، هەربۆیە باشتر وایە ڕاستەوخۆ لە سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتەوە لە کوردستان دەست پێبکەین کە گرنگی ناو مەیدانەکەیە.

لە ناوچەی هەڵەبجە لەساڵی 1934 دا ڕێکخراوێکی ئیسلامی سەری هەڵدا بەناوی (پارتی ئیسلامی کورد) کە عەبدوڵڵا بەگی ئەحمەد بەگی تاپۆ و شاهۆی شاعیر و حەمە سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف لە دامەزرێنەرەکانی بوون و گیوی موکریانیش ئەندامێکی ئەم پارتە بووە، گرنگی ناو هێنانی ئەم پارتە لەوەدایە کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بووە و دەستی دەرەوەی کوردستان لە دامەزراندنیدا نەبووە، لەژێر ناوی ئیسلامدا هەوڵی کۆکردنەوەی لایەنگرانیان داوە بۆ ئەوەی لە سەر کێشەی نەتەوەیی بۆیان بدوێن، بەتایبەتی گەلی کورد تەنها زەرەرمەندی گەورەی نەمانی عوسمانی و خەلافەت بوو، زۆر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی تریش سەریان هەڵداوە کە سەرچاوەکانیان لە دەرەوە بووە و بەناوی ئیسلامیەوە پەلیان هاویشتوەتە ناو کوردستانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بارودۆخ و هەڵوێستی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان هەمیشە گونجاو بووە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە بیروباوەڕی ئیسلامە چالاکەکان و هەر جموجوڵێکی ئیسلامی سەری هەڵدابێت پریشکی بۆ کوردستانیش هاویشتووە، کە هەنگاوێک بووە بەرەو نزیکبوونەوەی زیاتر لەنێوان موسوڵمانە کوردەکان و موسوڵمانی گەلی سەردەستە.

هەروەک بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی لە پاش ساڵی 1946 ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی گەیاندۆتە ناو کوردستان، کە پاش ماوەیەک لقێکی لە سلێمانی کراوەتەوە، پاشان سەرهەڵدانی کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامی کە ڕێکخراوێکی سەربە بیری ئیخوان بووە، لەساڵی 1954 وە خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیز و مەلاساڵح عەبدولکەریم (مەلا ساڵحی گەورە) لە هەڵەبجەوە پەیوەندیان کردووە بەم ڕێکخراوەوە، لەگەڵ ئەوەی هەر پاش ماوەیەکی کورت ئەم ڕێکخراوە نەما، بەڵام ئەم دوو زانایە هەر بەردەوام بوون لە دەربڕینی هەلوێستی خۆیان، کاتێکیش کۆنگرەی حیزبی ئیسلامی عێراقی لە تەمووزی 1960 دا بەسترا، لەهەڵەبجەوە مەلاساڵح و مەلاعوسمان و مەلاعومەری برای و شێخ جەمیل موفتی چوون و بەشداریان کرد و مەلاعوسمان وەک سەرۆکی وەفدی سلێمانی و هەڵەبجە ووتاری تیا خوێندەوە.

لەدوای ئەو کۆنگرەیەوە، نوێنەری ئیخوان ڕوودەکاتە هەڵەبجە و یەکەم شانەی تیا دادەمزرێ کە پێک هاتوون لە مەلاسدیق عەبدولعەزیزی سەرەک شانە و مەلاجەلالی مەلاساڵح ئەندام، کە دەبنە سەرەتای کاری ڕێکخستنی ئیخوان لەناوچەکەدا. ئەم چوار زانایە لە هەڵەبجە کەسانی بەر لەشکری ئیسلامی چالاک بوون بەتایبەتی بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیروباوەڕی شوعیەکان، کە هەر لەگەڵ ئاشکرا بوونی چالاکی شیوعیەکاندا شەڕ و پێکدادان لەنێوانیاندا ڕووی داوە و فتوای بەکافر ناسینیان داوە و خەڵکانێکی زۆریان هاندا لە دژی شیوعیەکان و شەڕ و ئاژاوە سەری هەڵدا، کە حکومەتیش ئەو فتوایەی بە فرسەت زانی و کردیە بیانوویەک بۆ دوورخستنەوەی مەلاعوسمان و مەلاعومەری برای لەهەڵەبجەوە بۆ ناسریە.

بیروباوەڕی ئیخوان لەناو عەرەبی عێراقدا بەسەرکردایەتی موحەممەد مەحمود سەواف لەسەر مەسەلەی نەتەوەی کورد بێ هەڵوێست بوون، بەڵام مەلاعوسمان لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوەوە چالاکی خۆیی نیشان داوە، سەردانی بەغدای کردووە و بەناوی زانایانی کوردستانەوە بیرخەرەوەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەڕوانگەی ئیسلامەوە ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم کردووە، پاشان دوای گەڕانەوەی مەلامستەفا سەردانی کردووە و پێشنیاری کردووە بە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی، بۆ ئەمەش مەلاعوسمان دەویست زانایانی ئایینی بەشداری و بەدەمەوە چوونی شۆڕشی کورد و هەست بە لێپرسراوێتی بەرامبەر ئایین و نەتەوە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی بەرامبەر بە حوکمی لە سێدارەدانی سەید قوتب و هاوڕێکانی دەربڕی و لەگەڵ مەلاساڵحدا نامەیەکیان بۆ جەمال عەبدولناسر نارد بۆ پاشگەزبوونەوە لەو حوکمە.

ئیخوان لە دوای کودەتای دووەمی بەعسیەکان جموجوڵیان نەما و پەیامێکی ناوخۆیان دەرکرد بەناوی (پەروەردە و ڕێکخستن و دەستبەردار بوونی هەرچیەکی دیکە)، دوای ئەمەش لە ساڵی 1969 وە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئیخوان بە یارمەتی موحەمەد ڕەزا شای ئێران هەوڵی کودەتایەکیان دا لە عێراقدا بەڵام بەعسیەکان پێیان زانی و لە 1970/10/19 دا ئاشکرا کردنیان ڕاگەیاند.

دوای ئەوە گورزی توندیان بەرکەوت و لە 1971/4/4 دا کار کردنیشیان وەستێنرا و ڕێکخستنەکانیشی هەڵوەشینرایەوە، بەڵام هەندێ کەسایەتیی لە کوردستاندا جموجوڵێکی سنووورداری خۆیانیان هەر هەبووە، هەتا مەلاسدیق لە هەڵەبجە دووبارە دەستی کردەوە بە کاری ڕێکخستن و کرایە بوژانەوەیەک بۆ ئیخوان.

لەلایەکی ترەوە جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەوێنی دەرکەوتنی چالاکی زیاتر بوو لە ڕووی سیاسی و چەکدارییەوە، بەتایبەتی ئێران ببوە یەکەم هەنگاوی هەڵهاتووانی ژێر ئاگری جەنگەکە و بۆ بەرژەوەندی خۆی بزووتنەوەی چەکداری لە

کوردستاندا دژی ڕژێمی سەددام دروست دەکرد بەڵام بە مەرجی خۆی، نەک لەبەر خاتری باڵای بەرزی گەلی کورد و سوننەکانی کوردستان بوو بێت یان وویستبێتی بەرژەوەندی کوردەکان بپارێزێت، ئەوە بەئاشکرا بەدی دەکرا لە گرتنە باوەشی خۆی بۆ هەندێ لە سەرکردایەتی بزووتنەوە نەتەوەییەکان کە ئەو دەمە بە بەرەی جود دەناسران.
کاتێکیش لە مایسی 1982 دا لە میوانخانەی ئەڵوەندڕود چەند کەسێکی وەک مامۆستا سەلاحەدین موحەممەد (کە هەر لە ساڵی 1967 ەوە ئەندامی کۆنی ئیخوان بوو) لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان ئازادی و فاتح کرێکار و بورهان محمەد ئەمین و عەلی محەمەد و چەند کەسێکی تری عەرەب ڕێکخراوی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامیان دامەزراند، (سەرەتا لێپرسراوێتی ئەم ڕێکخراوە درایە شێخ عەبدولڕەحمان بەڵام لەماوەیەکی کەمدا درایە دەست مامۆستا سەلاحەدین) و نوێنەریان نارده لای بەرپرسانی ئێران بۆ ناساندن و ڕێگە پێدانی کارکردن، کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەر ئەوەی ڕێکخراوێکی سوونەکانی سەر بە بیری ئیخوان بوو، هەر گوێیشی نەدانێ و وەڵامیشی نەدانەوە تا لەکۆتاییدا ناچار کران ناوەکەی بگەڕێننەوە بۆ برایان، پاشان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنسار هەندێک لە دامەزرێنەرانی جیا بوونەوە و بڵاوبوونەوە. مامۆستا سەلاحەدین و چەند کەسێکی تریان هاتنە پاوە و لەوێ کاری خۆیان درێژە پێدا، لەو ماوەیەدا مامۆستا سەلاحەدین زۆر چالاک دەبێت و دەتوانێت لە ناو کوردستانیشدا شانە دروست بکات و سەردانیشیان بکات.
لەساڵی 1984 یشدا گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (نداء الغريب) واتە بانگەوازی نامۆ، هەنگاوێکی گەورەی تری ئەوە بوو کە پاش ماوەیەک لەساڵی 1985 دا سەردانی ئیماراتی عەرەبی دەکات و پەیوەندی دەکاتەوە بە ئەندامانی ئیخوانەوە کە مۆڵەتی کارکردنی لە ئیخوانەوە دەدەنێ، کە بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانیان، بەتایبەتی دانپیانانیان لەلایەن ئیخوانەوە کرانە پشتیوانێکی گەورە بۆ هەموو ئیخوانەکان لە ناو کوردستان و ئێرانیشدا و پارەیەکی باشیشیان وەرگرت.
لێرەدا گرنگە لایەنەکەی مەلاسدیق عەبدولعەزیز لە بیر نەکەین، کە لە هەڵەبجە باڵێکی بەهێزی ئیخوان بوون و لە ساڵی 1979 ەوە دەستیان بەکار کردن کرد بوو بەڵام بەبێ مۆڵەت، بوونی ئەم دوو لایەنە پێویست بە یەکگرتنەوە دەکات، هەربۆیە چەند جارێک کۆبوونەوە لە نێوانیاندا دەکرێت بە ئامادەبوونی ئیخوانێکی عێراقی (دوکتۆر عیسام ئەلڕاوی) و تا یەکدەگرنەوە و پەیوەندیان دەکرێت بە ئیخوانی عێراقەوە و پاشان لێپرسراوێتی دەدرێتە مامۆستا مەلاعوسمان. ئەوەندەی پێنەچوو دوکتۆر ئەلڕاوی گیراو بەدوای ئەودا لە ساڵی 1987دا ژمارەیەکی زۆری ئیخوانە کوردەکانیش دەستگیرکران و ئەوانی تر هەڵهاتن بەرەو ئێران.
جگە لە هەڵەبجە لە سلێمانی و هەولێر و ناوچەی پشدەریشدا لایەنگرانی ئەو چالاکیانە سەری هەڵدابوو و کەسانی ناسراویان تیا دەرکەوت، لەوانە عەلی باپیر و حەسەن پێنجوێنی و فاتح کرێکار و چەند کەسێکی تریش.
بوونی ئەو مامۆستایانە و نەبوونی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ یەکدا یان نەبوونی گرێدراوێکی سەرکی بۆ قوتابیەکانیان بووە هۆی ئەوەی کە هەریەکە لەلای خۆیەوە قوتابیانی پەروەردە دەکرد و تەنها خۆی بەڕاسترین دەزانی کە ئەمەش هەندێ جار جیاوازی توندی بەدوادا هاتووە و کێشە لە نێوانیاندا سەری هەڵداوە، هەندێکیان لە بیرکردنەوەدا لە بیری ئیخوان لایان دەدا و هەر خۆیشیان بە ئیخوانی ڕاستەقینە دەزانی و لایەنی توندڕەو و میانڕەویان تیا هەڵکەوت کە سەرەتایەک بوو چەکەرە کردنی بزووتنەوەی نوێ و ئاقاری نوێ، هەر لە هەڵەبجە ووتاری مامۆستایان لە مزگەوتێکەوە بۆ مزگەوتێکی تر زۆر جیاواز بوو، کۆمەڵێک لاو ڕوویان دەکردە مزگەوتی شافیعی و هەر لە هەمان کۆڵان کۆمەڵێک لاو ڕوویان دەکردە مزگەوتی حەمزە، لە ووتاری هەینیشدا هەمان جیاوازی بەدی دەکرا، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک کتێب و نووسراوی جۆراو جۆر کەوتبووە بازاڕەوە کە جێی سەرنج بوو، هەندێ لەو کتێبانە بە ئاشکرا لە کتێبخانەی گۆران لای مامۆستا ئەمین هەبوو و هەندێکی تریش سەرچاوەی جیاواز و نهێنی هەبوو کە دەست هەموو کەسێک نەدەکەوت، ئەو کتێبانە لەگەڵ ئەوەی جۆراو جۆر بوون بەڵام هەست بە ناوەرۆکیان دەکرا و لایەنی توندڕەوی و شێوەی خەبات لە هاوشێوەی گروپە میسریەکان دەبینرا و لە هەندێکیشیاندا تەنها کورتە چیرۆکی هەست بزوێنەری لاوەکان بوو، دەربارەی لایەنە فەلسەفیەکانیش کتێبی زۆر کەوتنە بازاڕەوە و بەئاشکرا دەفرۆشران وەک داروین لە تەرازوی ژێریدا و زۆر شتی تر لە تەرازووی ژێریدا و شەریعەتی ئیسلام بەپێی ئیمامی شافیعی و زۆر کتێبی تر، لەم بوارانەدا مامۆستا موحەممەد مەلاسالح شارەزووری و حەسەن پێنجوێنی و کەسانی تر دەرکەوتن، من خۆم هەندێکم لێ خوێندوونەتەوە و ئێستاش چەند دانەیەکم ماوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابووم ئەوە بوو کە تا ماڵمان لە چوارباخ بوو لە سلێمانی موسوڵمانی ئەوەندە لاو و تەمەن منداڵم نەدەبینی کە وەک لە هەڵەبجە هەبوو، خوێندنی کاروباری ئایینی و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز کرابوو بە پیشە و مامۆستای جیاواز و کەسانی تایبەت بوون، هەربۆیە زۆر جار

دەکەوتمە گومان و پرسیارم دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەک ئەنجامەکەی دەرکەوت بۆ هەمووان و کۆمەڵێک موسوڵمانی خوێنەوار کرانە سەرکردە و لێپرسراوێتی لایەنە ئیسلامی و جیهادییەکان کە ئەوە بە قۆناغێکی نوێی ئیسلامی چالاک دادەنرێت. لەساڵی 1987 دا لە هەڵەبجە لایەنگرانی یەکێتی و ئیسلامیەکان خۆپیشاندانێکیان سازکرد لە دژی بەعس، ڕژێمیش زۆر بەتوندی بەپەرچیانی دایەوە و کەوتە ڕوخاندنی گەڕەکی کانێشقان کە هەندێ خانوو بەسەر خاوەنەکانیاندا ڕوخێنرا لەوانە ئافرەتێک بوو بەناوی فاتمەی خەجێی فەیزە کە لایەنگری یەکێتی بوو. ئەمە بوویە هەنگاوێکی نوێ و سەدان کەس بەرەو ئێران هەڵهاتن لەناویاندا مامۆستا مەلاعوسمان بوو کە دەیان کەسی لەگەڵدا بوو.

شایانی باسە کە هەڵەبجە چۆن مەیدانی شۆڕشگێڕە نیشتیمان پەروەرەکان بووە، بەهەمان شێوە مەیدانێکی چالاکی شارەزایانی ئیسلامی بووە، لەو دەمەیشدا بوونی چەند مامۆستایەکی وەک مامۆستا مەلاعوسمان و مەلاعەلی و مامۆستا موحەمەد ڕەئووف و موحەمەد عەبدولڕەحیم و مامۆستا جەعفەر ر و مامۆستا هادی و چەندین شارەزای تر لە هەڵەبجە و دەوروبەریدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکە هەبوو، هەر هەمووشیان مامۆستا مەلاعوسمانیان بە مامۆستای خۆیان دەزانی. مەلاعوسمان خۆیشی پیاوێکی نورانی و لەخواترس و شارەزای هەمە لایەنەی ئایینەکە بوو، کە ئیمامی مزگەوتی شافعی بوو و کچێکیشی خێزانی مامۆستا موحەمەد ڕەئووفی وەزیرە لەسەر پۆستی یەکگرتوو.

کۆتایی بەشی سێیەم

khaledfaraj@hotmail.com